www.kurdistannet.org
بەكاتی ناوەندی ئەوروپا 29-9-2006 22:34

# "نەوا" شایەنی ئەوەیە پشتگیری لێ بكرێت نەک سوکایەتی

سڵاو برادەرانی كوردستان نێت:
لەبەرئەوەی ماوەیەكە سایتی " كوردستان پۆست " دوور لەبنەماكانی نوسین و ئەخلاقی رۆژنامەگەرییەوە بازاڕیانە هەڵدەكوتێتە سەر رادیۆكەمان (رادیۆی نەوا)، ئێمەش وەك عورفی رۆژنامەگەری ئەم وەڵامەمان بۆ ناردن تا بڵاوی بكەنەوە بەڵام لەبەرئەوەی ئێمە جنێوو قسەی بازاڕیمان تیا نەنوسیوەو بەرێزەوە خوێنەر تێدەگەیەنین لەئاوات و ئامانجی رادیۆكەمان دیارە پێدەچێت بڵاوی نەكەنەوە، لەبەرئەوە ناچارین لەسایتە كوردییەكانی تردا هەستین بەبڵاوكردنەوەی و سوپاس بۆ ئێوەش بۆ دابەزاندنی ئەم روونكردنەوەیەمان...
سامی عەلی عەزیز*
ماوەیەكە لە هەندێك لە سایتە كوردیەكاندا خەڵكانێك بە ناوی خوازراوەوە، بە زمانێكی بازاڕیی و رێزمانێكی شڕ، رادیۆی "نەوا" یان كردوّتە ئامانجی نوسینەكانیان، كە ناكەونە خانەی نوسینەوە، بەڵكو ئەو جوێن فرۆشتن و سوكایەتی كردنە بە "نەوا"و كارمەندانی دوورە لە عورف و ئەخلاقی رۆژنامەوانیەوە.

## كێن ئەوانەی دژی رادیۆی "نەوا"ن؟

هەقی خۆمانە بپرسین ئەم جۆرە كەس و لایەنانە بۆچی دژایەتی "نەوا" دەكەن و بۆچی شتی ناڕاستی بۆ هەڵدەبەستن؟ ئایا چاویان بە نەوا هەڵنایەو پێیان ناخۆشە كورد كەناڵێكی ڕاگەیاندنی ئەهلی ئازادی هەبێت وەكو "نەوا" ببێتە چاوو دەمی خەڵك و هەواڵ و زانیاریە ڕاستەكان بۆ خەڵك بگوازێتەوەو لەبەرامبەر گەندەڵی و پێشێلكاری و نامەدەنیەتدا بوەستێتەوە كە ئەمڕۆ بە بەرفراوانی لەناو ناوەندە حزبی و حكومییەكانی كوردستاندا بڵاوبۆتەوە؟
بەهەرحاڵ، ئەو كەس و لایەنانەی كە ئەو جۆرە نوسینانە بەرامبەر بە "نەوا" و كارمەندەكانی دەنوسن، هەركەسێك بن، خەڵكانێكن بیانەوێ و نەیانەوێ بەشێوەیەكی بابەتی و زاتی لە خانەی دوژمنایەتی كردنی دەنگی ئازادو رۆژنامەوانی ئازاددان، چونكە "نەوا" لەیەكەم ساتی پەخشییەوە، وەكو زەرورەتێكی مێژویی تا ئێستاش بە شایەدی دۆست و دوژمن سەرقافڵەی شۆڕشێكی كەلتوری و مەدەنی هاوچەرخانە دەكات لە كوردستاندا.
لەم ڕوانگەیەوە ئاساییە خەڵكانێكی دژ بە شۆڕشی مەدەنیەت، بوختان بۆ "نەوا" هەڵبەستن، ئەم نوسینانەش ئاماژەی ئەوەیە كە "نەوا" بەجورئەت و شەفافیەتی خۆی تەنگی بە دوژمنانی مەدەنیەت و دز و جەردەو گەندەڵ و بەرژەوەندی پەرستەكاندا هەڵچنیوە، ئەمەش شەرەف و شانازیە بۆ "نەوا" كە لەم قۆناغەدا بە عەقڵی كادری ڕاگەیاندنی كورد، ئەم هەنگاوە گەورەیە لە بواری ڕاگەیاندنی كوردیدا بنێت.

## هەندێك لە سایتە كوردیەكان جنێو بڵاودەكەنەوە

خاڵێكی تر كە دەمەوێت باسی لێوە بكەم ئەو سایتە كوردیانەن كە ئەم جۆرە بە (ناو نوسین) انە بڵاودەكەنەوە، كە جگە لە سوكایەتی پێكردن و ناو زڕاندن هیچی دیكەی تیانیە و سەرتاسەری بوختانە.
هەركەس و لایەنێك چی لەسەر ڕادیۆی "نەوا" هەیە دەتوانێت بەئازادانە هەر لە رادیۆی نەوا وە قسەی خۆی بكات و سوپاسیشی دەكەین ئەگەر بەناوی ئەسڵی خۆشیەوە لە هەرشوێنێك نوسینەكانی بڵاو بكاتەوە، نەك بەناوی خوازراو، ئامادەشین هەر لە ڕادیۆكەماندا بەرنامەی ڕاستەوخۆی بۆ سازبكەین.

## مرۆڤ بۆچی بەناوی خوازراو نوسین بڵاودەكاتەوە؟

1- لەبەر ترس.
2- چونكە بابەتەكە ڕاست نیەو بوختانە.

پێویست ئەوە بڵێم كە ئێمە كەس ناترسێنین و لەكەسیش نەترساوین و لەكەسیش ناترسین، بڕوامان بەچاوسور كردنەوەش نیە، نەك بەبەكارهێنانی هێز، كەواتە برای جوێن فرۆش ئەگەر لەبەر ترسە بەناوی خوازراو دەنوسیت، ئەوە دڵنیات دەكەینەوە ئەگەر بەڵگەی ڕاستت هەیە ناوی ئەسڵی خۆت بنوسە.

لە حاڵەتی دووەم: كەسێك بەناوی خوازراو دەنوسێت كە نوسینەكانی ڕاست نەبن و هەڵبەستراو بن، ئەگینا بۆ بەناوی ئەسڵی خۆی نانوسێت؟

دوژمنانی "نەوا" بەر لە دۆستانی دەزانن "نەوا" قەڵەمبازێكە لە ڕاگەیاندنی ئەهلی و ئازادیی كوریدا، سوپاسی هەر سایتێكیش دەكەین كە لینك لە سایتەكەی خۆی بۆ نەوا دابنێت، بۆئەوەی ئەو دەنگە جوانە بگاتە گوێی هەموو كوردێك، بەڵام هەق وانیە ئەو سایتانە ڕێگا بەو جوێن فرۆشانە بدەن سایتەكانیان بكەنە گۆڕەپانی جوێن فرۆشتن، چونكە:

یەكەم: ئەمە دژی عورف و ئەخلاقی ڕۆژنامەوانیە.

دووەم: بۆچی ئەو سایتانە بابەتی تر بڵاوناكەنەوە كە بۆ خوێنەر و تاك و كۆمەڵگای كورد زۆر گرنگە؟ سەبارەت بە گەندەڵی و پاوانخوازی و هەزار و یەك عەیب و عاری كە دەسەڵاتی كوردیی هەیەتی، ئەگەر مەبەستیان خزمەتكردنی كورد و كوردستان و هۆشیاركردنەوەی تاك و كۆمەڵگای كوردە؟

بۆیە ئەو سایتانە بەداخەوە دەیڵێم، بونەتە گۆڕەپانی جوێن فرۆشتن و ناوزڕاندنی "نەوا" كەناگەنە پەنجەیەكی كارمەندانی نەوا لەبواری ئەخلاقی ڕۆژنامەوانیدا، ئەویش بەبەراوردكردنی تەمەن و خزمەت و ڕاستگۆیی نەوا لەگەڵ كەناڵەكانی تردا.

لێرەدا من نامەوێ بكەومە ناو ئەو بابەتانەی كە یەكێك لە سایتە كوردیەكاندا كەسێك یان لایەنێك بەناوی خوازراوی "هاوبیر" سوكایەتی بە كارمەندانی "نەوا" كردوە، بەڵام تەئكید لەوە دەكەمەوە سەرجەم سایتە كوردیەكان پێویستە پابەندی بنەماو یاسای پەخش و ڕۆژنامەوانی بن، لەو بابەتانەی كە بڵاوی دەكەنەوە، لە پێناو ڕەخساندنی زەمینەی هۆشیاركردنەوەی تاك و كۆمەڵگاو بردنیان بەرەو ئاقاری حەقیقەت، نەك چەواشەكاری لەپێناو دیالۆگێكی شارستانیەدا.

### نەوا دەزگایەكی ئەهلیە

ڕادیۆی "نەوا" ڕادیۆیەكی ئەهلیە، كاك كوردە حەسەن جەلال دامەزرێنەرو خاوەنی ڕادیۆكەیەو ماوەی (9) مانگە دوای ئەوەی فەندی ڕادیۆكە نەماوە لە گیرفانی شەخسی خۆی بەو داهاتەی كەلە بەڵێندەرایەتی و پرۆژەكانیەوە دەستی دەكەوێت خەرجی و موچەی كارمەندان دابین دەكات، بەردەوام هەوڵیداوە ئەو بابەتانەی كە لە ڕادیۆكەدا "نەوا" پەخش دەكرێت جا هەواڵ یا بەرنامە یا... هتد بێت بێ لایەن و ڕاست و بابەتیانە بن، بۆیە هەندێكجار كە هەواڵێكمان پێگەیشتوە بڵاومان نەكردۆتەوە تا تەئكیدمان لەڕاستیەكەی نەكردۆتەوە و دواكەوتوین و كەناڵەكانی تر پێش ئێمە بڵاویان كردۆتەوە، ئەمەش تەنها بۆ ئەوە بوە كە ئێمە ڕاستگۆیی خۆمان لەدەست نەدەین.

لەو ڕوانگەیەوە "نەوا" میسداقیەتی لەناو خەڵكدا دروست كردوەو خوانەخواستە ئەگەر هەواڵێكی ناڕاستیش بڵاوبكاتەوە خەڵك باوەری پێ دەكەن، بەڵام هەندێك لەو سایتە كوردیانە ئەگەر هەواڵی ڕاستیش بڵاو بكەنەوە خەڵك باوەری پێ ناكات، چونكە زۆر هەواڵ و بابەتی ناڕاست و هەڵبەستراویان بڵاوكردۆتەوە و ڕاستگۆیی خۆیان لەدەستداوە. بۆیە هەق وایە ئێمە پشتگیری لەو كەسە بكەین و

دەستخۆشی لێ بكەین كە رادیۆیەكی ئەهلی دامەزراندوەو بەرێوەی دەبات بەو ئاستە، كەبەشایەدی هەموو لایەك باشترین رادیۆیە لە كوردستان دا نەك سوكایەتی بەخۆی و كارمەندانی رادیۆكەی بكرێت.

نەوا سەرقافڵەیە

من ناڵێم "نەوا" كەموكورتی نیە، چونكە هیچ كارێك بێ كەموكورتی نابێ و نەبوە، رادیۆی "نەوا"ش كەموكورتی خۆیی هەیە، بەڵام "نەوا" سەرقافڵەیە لەبواری كەناڵی رادیۆی ئەهلی و ئازاددا كە نمونەیان لە كوردستان دا نیە.

"نەوا" ئەزمونی یەكەمینە لەو بوارەداو بمانەوێ ونەمانەوێ، خۆشمان بوێ و خۆشمان نەوێ راستگۆیی لە لای جەماوەرێكی زۆری خەڵكی كوردستان دروست كردوەو متمانەیەكی گەورەی هەیە.

لەو روەوە هەق وایە كە "نەوا" پشتگیری لێ بكرێ و رەخنەی بنیاتنەرانەشی لێ بگیرێت بۆ پێشكەوتنی زیاتر، هەروەها وەكو یەكەمین ئەزمونی رادیۆی ئەهلی كوردی دەرس لە كەموكورتیەكانیشی وەربگیرێت، نەك لەسەر لاپەرەكانی سایتە كوردیەكاندا هەندێك نوسینی داخ لە دڵان بڵاو بكەنەوە كە تیایدا سوكایەتی بەكارمەندانی نەوا دەكەن.

ئایا "نەوا" لە خزمەتی راگەیاندنی ئازاد و هوشیاركردنەوەی تاك و كۆمەڵگای كورد و مەدەنیەت و نەهێشتنی گەندەڵی دایە یان نا؟ ئەگەر وایە و لە خزمەتی ئەو مەسەلانەدایە ئەوانە كێن كە دژایەتی نەوا دەكەن؟ بەرژەوەندیان لەم دژایەتیەدا چیە؟ ئایا لەبەرئەوەی "نەوا"ی بێ نەوایان بەرەنج و ماندوبونی بەرێوبەرو كارمەندو هەموو ئەوانەی كاری تێدا دەكەن پەردە لەسەر دەمامكی فایلداران و گەندەلر و دزەكاندا لادەبات بۆیە دژایەتی دەكەن؟

*لێپرسراوی بەشی هەواڵ لە رادیۆی نەوا